

# رونکردنەوەیەك لە کەمپینی "ناردنە دەرەوەی بە پەلەی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی" لەهەڵە بجەی شەهید بۆ رای گشتی

**دوای ئەوەی لە یەکەمین چالاکی کەمپینی "ناردنە دەرەوەی بەپەلەی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی " لە یاداشتنامەیەکدا داوامان لەهەریەك لە "سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد" کە کاری بە پەلە بکەن بۆ:**

1. **ناردنە دەرەوەی کامیل عبدالقادر وەیس کەئێستا ژیانی دژوارە بۆ چارەسەرو هەرچی پێویستیە بۆی بکرێت تاچی زوترە ژیانی بۆ بگەڕێتەوە.**
2. **ئەو نەخۆشانەی کە لە راپۆرتی پزیشکی پارساڵی وەزارەتی تەندروستیدا ناویان هاتووەو وە ئەوانەشی کە لەو راپۆرتەدا نەبینراون پەلە لە ناردنە دەرەوەیان بکرێت و کاری پێویستیان بۆ ئەنجام بدرێت.**

**بۆ وەڵامی بەپەلەی ئەم داواکاریانەشمان تەنها** 10 **رۆژمان دیاری کردبوو ئەگەر نا ناچار بە هەڵوێست وەرگرتنی دی ئەبووین، بۆیە ئێستا پاش تێپەر بوونی** 11 **رۆژ بەسەر ئەو یاداشتەدا بە پێویستی ئەزانین ئەم رونکردنەوەیە بۆ رای گشتیو هاولاتیانی کوردستان بدەین.**

1. **هەفتەیەك بەر لە ئێستا سەرۆکایەتی هەرێم "کامیل عبدالقادر وەیس"ی رەوانەی تارانی پایتەختی ئێران کردو پاش یەك هەفتە مانەوە ئێستا ناوبراو گەراوەتەوە هەڵەبجە، بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست ئێمە کەوتوە پزیشکەکان، ولاتی بەریتانیایان بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشە دیاری کردووە.**
2. **وەزارەتی تەندروستی لەرێی بەیاننامەیەکەوە پشتگیری خۆی بۆ کەمپینەکەمان نیشانداو چەند زانیاریەکی خستوەتەڕو ئێمە ئەم کارەی وەزارەتی ناو براو بە هەنگاوێکی مەدەنیانە ناو ئەبەین لە هەڵسان بە راپەراندنی ئەکەکانی خۆیاندا، داواکاریشین وەزارەتی تەندروستی ئەو پرۆژانەی لەبەیاننامەکەیدا ناویان ئەبات پەلە بکات لە جێبەجێکردنیاندا.**

**بۆیە بەپێویستی ئەزانین بڵێین لەبەر ئەم دوو خاڵەی سەرەوە کەمپینەکەمان کارەکانی خۆی ئێستا لەچاوەڕوانیدا ئەهێڵێتەوەو، چاوەڕێن وەك بەڵێندراوە م.کامیل بۆ چارەسەر رەوانەی هەرولاتێك کە چارەسەری ئەوی لێبێت بکرێت و بەپەلە بریندارەکانی تری چەکی کیمیای چارەسەر بکرێن.**

بەهیوای هەموو لایەك بۆ خزمەتی بەشێك لەو کەسانەی بەردەوام لەگەڵ مەرگدا ئەجەنگن کار بکەین

2007/6/5

ناوی رێکخراوەکانی بەشدار لەم کەمپینەدا:

- گروپی چاودێریو بەدوادا چوون

- ناوەندی چاك/ هەڵەبجەی شەهید
- سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ D.H.R.D ئۆفیسی هەڵەبجە
- یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان لقی شارەزوور
- کۆمەڵەی روناکبیریو گەشەپێدانی هەڵەبجە
- ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە